

پەیمان زەینەدین

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور:

# نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی تواناکانی یاریزان دەکوژێت



**پارێزگای هەڵەبجەی شەهید ژمارەیەک یاریزانی کوڕو کچی بەتوانای تێدایە لە وەرزشە جیاجیاکان کە دواڕۆژێکی گەش و زۆر باش چاوەڕوانیان دەکات، تیپی بالەی کچانی سیروانی شارەزووریش یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەنی کۆمەڵێک کچە یاریزانی بەتوانان لەسەر ئاستی کوردستان و چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، یەکێک لە کچە یاریزانەکانی ئەو تیپەش، پەیمان زەینەدین– ـە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی پارێزگای هەڵەبجەیەو دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی هەڵەبجەی شەهید و کۆیە و سیروانی شارەزوور یاری کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی تۆپی بالە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی یاری بالە چەند ساڵێکە لە پاشەکشەدایە، ئەم پاشەکشەیەش بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی تۆپی بالەی کوردستان، کە چەند ساڵێکە لەسەر ئاستی کوردستان خول نەکراوەتەوە، لە کاتێکدا هەندێك لە یەکێتیە وەرزشیەکان خولی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

*** واتە پێتوایە ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بەڵێ، دیارە ئەنجامدانی خول و پاڵەوانیەتی کەناڵێکە کە یاریزان تواناکانی خۆی و ئاستی خۆی تێدا دەبینێتەوە و شەوق و زەوقێکی تر پەیدا دەکات بۆ یارییەکە، چ ئەو خولانە فەرمی بن، یان دۆستانە بن، بەڵام نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی تواناکانی یاریزان دەکوژێت و یارییەکەش بەرەو دواوە دەبات، وەکو کە ئێستا دەیبینین.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی بالەی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

-کردنەوەی خول و دابینکردنی پارە بۆ یانەکان ئاستی یاری بالەی کچانیش پێش دەخات لە شارەکانی کوردستان.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی بالە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی یاریگای تایبەت بە یاری بالە ئاستەنگی لەبەردەم یاریزانەکاندا دروست کردووە، هەروەها ڕێگەنەدانی ماڵەوە بە وەرزشی کچ، قەیرانی داراییش گرفتێکی سەرەکییە لەم یارییە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-سەرەتا لە نادی هەڵەبجە گرێبەستم کردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ یانەی کۆیە یاریم کردووە، ئێستاش لە یانەی سیروان شارەزوورم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- بەنیازم پەرە بە ئاستی خۆم بدەم بەرەو باشتر بڕۆم، بەردەوامیشم لە مەشقکردن و هیوادارم بتوانم خزمەتی یانەکەم و وەرزشی کچان بکەم لە هەڵەبجە و زیاتر کچ بێنمە ئەم بوارە، لە خودا بە زیاد بێت دەڤەرەکەمان کچی باشی تێدایە کە توانای وەرزشیی باشیان هەیە، کۆمەڵگەش لە جاران زیاتر بەرەوپێش چووە.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-بەڵێ، چونکە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی یاری بالە و ئاشنابوون بە شێوازی یاریکردنی بیانی و خاوەنی ئەزموون و شارەزایی زیاتر دەبین.

*** چۆن بوو یانەی سیروانت هەڵبژاردووە؟**

-بەهۆی هاوڕێکانمەوە سیروانی شارەزوورم هەڵبژارد. هەرچەندە من پێشتر لە یانەی هەڵەبجە یاریم کردووە، بەڵام نە من، نە هاوڕێکانم ناتوانین لە یەك داببڕێین، پەیوەندییەکی زۆر پتەومان هەیە. سوپاس بۆ خودا هەندێ یاریزانمان هەیە لە یانەکانی تر بانگ کراوە، لەبەر ئێمە نەچووە، ئەوە وای کردووە واز لە یاریکردن نەهێنین.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی من سەرکەوتن و ناوبانگە و هیوادارم ببمە باشترین یاریزان. خەونم ئەوەیە ببینم کچان بە ئازادی بینە هۆڵەکانی وەرزش هیچ خەمێك لە دڵیان نەبێ، واتە کاتێك دەچنە خولێك لە کەسوکاریان نەپاڕێنەوە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-هیوادارم گرنگی بدەن بە یاری بالە، وەك چۆن گرنگی دەدرێت بە یاری تۆپی پێ بە کردنەوەی خولی بەردەوام، ئەوەندەی بە تۆپی پێ گرنگی دەدرێت و خول دەکرێتەوە، گرنگییان بە یاری بالە بدایە، سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دەهات.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-هەموو کەسێك ئارەزووی ئەو دەکات کە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات منیش ئارەزوو دەکەم یەکێك بم لە یاریزانانی کە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داوا کراویت؟**

-نەخێر.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-شیلایا یاریزانی هەڵبژاردەی بەڕازیل

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانانی شارەکانی کوردستان، هیوادارم لەم پشتگیرییە بەردەوام بن، چونکە پێویستیەکی زۆر گرنگە.



# سیمیۆنی باسی خەونە گەورەکەی دەکات

دیگۆ سیمیۆنی ئەرژەنتینی و راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی خەونی چەند ساڵی داهاتووی ئاشکرا دەکات .

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیداو دیگۆ سیمیۆنی راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید رایگەیاند لە ئێستادا سۆز و گرێبەست و پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێز بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەیبەستێتەوە.

گوتیشی خەونی بەردەوام بوونی پێکەوەیی لە پێناو بەرەو پێشچوون لە رێگاکە هێشتویەتیەوە، کە پێش شەش ساڵ بەر لەئێستا دەستیپێکردووە.

لەکۆتاییشدا رایگەیاند خەونی ئەوەیە لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید بەردەوام بێت تاوەکو تەواوی ئەو ئامانجە بەدی دێنێت کە نەخشەی بۆ کێشاوە.



# ئەستێرەیەکی تۆپی پێی کچان چووە یۆڤانتۆس

یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی گرێبەستێکی گرنگی واژووکرد ئەستێرەیەکی هەڵبژاردەی کچانی ئیتاڵیای گواستەوە .

پێگەی یانەی یۆڤانتۆس بڵاویکردووە گرێبەستیان لەگەڵ مارتینا رۆزۆچی کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا واژوو کردووە.

گرێبەستەکەی رۆزۆچی تەمەن ٢٥ ساڵ لەگەڵ تیپی کچانی یانەی یۆڤانتۆس بۆ ماوەی دوو ساڵە و ئیدارەی خانمە پیرەکەش نرخی گواستنەوەی ئەو کچە یاریزانەیان لە یانەی بریشیاوە ئاشکرا نەکردووە.

رۆزۆچی و کاتیا کۆبۆلا بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەشی دەکەن لە ئێستادا بە باشترین کچە یاریزانی تۆپی پێ لەسەر ئاستی ئیتاڵیا و تەنانەت ئەوروپاش دادەنرێن.



# یاریزانێکی ئەی سی میلان چووە خولی ئیسپانی

یانەی دیپۆرتیڤۆ ئەلاڤێسی ئیسپانی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی یانەی میلانی ئیتاڵی واژوو کرد .

یانەی ئەلاڤێس بەشێوەیەکی فەرمی رۆدریگۆ ئیلی بەرازیلی و بەرگریکاری یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی گواستەوە، ئەوەش دوای ئەوە دێت وەرزی رابردوو بەشێوەی خواستن لە ریزەکانیدا یاریکرد.

یانەکەی هەرێمی باسك بڵاویکردووە بەگرێبەستێك، کە ماوەکەی چوار ساڵە رۆدریگۆ ئیلی بەرگریکاریان کردووەتە یاریزانی یانەکەیان .

ئیلی وەرزی رابردوو ١٠ یاری لە خولی ئیسپانیا دا ئەنجامدا و گۆڵێکیشی تۆمارکرد، لەیاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیاش بەرامبەر بەرشلۆنە یاریکرد.

ئیلی لە یانەی گریمیۆی بەرازیلییەوە دەستی بەیاریکردن کردووەو دواتر پێش تەمەنی ١٩ ساڵی رویکردوە یانەی میلان و بەخواستنیش بۆ یانەکانی ریجینا و فاریزی و ئەڤیللینۆ یاری کردووە.



# یاریزانان پشتیوانی لە کردنەوەی ئەکادیمیای تۆپی پێ دەکەن

**ئامانجیان پێگەیاندنی یاریزانانی کوردە**

شاخەوان عارف ڕاهێنەری ئەکادیمیای تۆپی پێی دڵکورد بۆ ئاستی ١٣بۆ١٦ساڵی لەبارەی کردنەوەی ئەم ئەکادیمیایە بۆ گوڵان گوتی: «ئامانجمان پێگەیاندنی یاریزانانی کوردە، چونکە لە شاری هەولێر یاریزانی کوردی بەهرەمەندمان زۆرە، لەم ئەکادیمیایەش کۆمەڵێك یاریزانی بەهرەمەند لە دەرەوەی هەولێر هاتوون و چاوەڕوانی شتی باشیان لێ دەکرێت، بە نیازی ئەوەشین لەگەڵ هەریەك لە مامۆستا بێستوون و مامۆستا ئامانج و کاپتن هێمن درێژە بەم ئەکادیمیایە بدەین بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی کورد، چونکە نامانەوێ تەنیا بۆ کۆکردنەوەی پارە بێت و یان تەنیا بۆ چەند ڕۆژێك بێت.» گوتیشی: «ڕێککەوتنی من لەگەڵ ئەو ئەکادیمیایە ئەوەیە کە بەردەوامی هەبێت بۆ ئەوەی یاریزان لە ئاستی تەمەنی (٨-١٢) ساڵ ئەگەر مەشق و ڕاهێنانی بەردەوامی هەبێت، تەمەنەکانیان جیاواز بکرێتەوە و خول و پاڵەوانیەتییان بۆ بکرێتەوە، بێگومان تا دەگاتە قۆناخی (١٨-٢٠) ساڵ یاریزانێکی تۆکمەی لێ دروست دەبێت، بۆ یاریزانە تەمەنە ١٢ ساڵەکانیش بەسەرەوە ئەگەر کاری بەردەوامیان لەگەڵ بکرێت، یاریزانانی باشی تێدایە کە دەتوانن سوودی زۆریان هەبێت بۆ داهاتوو، ئێمەش ئەوپەڕی تواناکانمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانین یاریزانانی بەهرەمەند دروست بکەین و زۆرترین سوودیان بە شێوەی زانستی پێ بگەیەنین.»

**دەبوایە کردنەوەی ئەم ئەکادیمیایە زۆر زووتر ئەنجام بدرایە**

هێمن مامەند ڕاهێنەری ئەکادیمیای دڵکورد لە شاری هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی: «دەبوایە کردنەوەی ئەم ئەکادیمیایە زۆر زووتر ئەنجام بدرایە لە شاری هەولێر و شارەکانی تری کوردستان، پێگەیاندنی یاریزانانیش بۆ ڕاهێنەرێك کارێکی خۆشە، منیش دەمەوێت زۆرترین یاریزانان لەسەر دەستی ئێمە



یاری تۆپی پێ لە کوردستان پێگەیەکی بەهێزی جەماوەری هەیە، لە ئێستاشدا کردنەوەی ئەکادیمیا بۆتە دیاردە لە شارەکانی کوردستان و لەلایەن یانەکانەوە گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، شاری هەولێری پایتەختی کوردستانیش پشکی شێری بەرکەوتووە لە کردنەوەی ئەکادیمیای تۆپی پێ بۆ ئاستەکانی تەمەن و پێشوازی لەو هەنگاوە دەکەن. ئەکادیمیای تۆپی پێی دڵکورد ماوەی چەند هەفتەیەکە ئەکادیمیایەکی تۆپی پێی کردۆتەوە بۆ ئاستەکانی تەمەن و رۆژانەش هەوادارێکی زۆری وەرزشی روو لەم ئەکادیمیا دەکەن و لەسەر یاریگای یانەی بروسك لە چەنك کاتژمێرێکی جیاواز مەشقی خۆیان ئەنجام دەدەن، ئەکادیمیایەکەش بە شێوەیەکی زانستی مەشق بە یاریزانە بەهرەمەندەکان دەدەن. گۆڤاری گوڵان لە یەکەیەکی مەشقی ئەکادیمیای دڵکورد ئامادە بوو، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی مەشقی ئەم ئەکادیمیایە بێت و دەستەی راهێنەران و یاریزانانیش قسەی دڵی خۆیان بۆ گوڵان کرد.

کارزان کانەبی

وەکو ستافی راهێنەر بەرهەم بهێنین، چونکە خۆشترین سات لای ئێمە دروستکردنی یاریزانانە.» لەبارەی ساڵانی داهاتووش کە شاری هەولێر بچێتە قۆناخێکی باشتر کاپتن هێمن گوتی: «متمانەم بە خۆمان هەیە کە بتوانین یاریزانانی بەتوانا بەرهەم بهێنین بۆ شاری هەولێر، داواکاریشم لە شارەکانی دیکەی کوردستان هەڵبستن بە کردنەوەی فێرگەی تۆپی پێ بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزانان لە کوردستان بەرهەم بهێنین بۆ یانەکانی کوردستان و بۆ خۆشمان سوودی لێ ببینین، دڵکورد سوودێکی زۆری هەیە بۆ یاریزانان و ئێمەش وەکو ئەکادیمیا گرفتێکی ئەوتۆمان نییە.»

**دەمەوێت ببمە ئەستێرەیەکی کوردی**

ئەڵەند ئەبووبەکر تەمەنە ٩ ساڵەو یاریزانی ئەکادیمیای دڵکوردە، ئەو لە بارەی خەون ئاواتەکانیەوە گوتی: «هاتوومەتە ئێرە بۆ ئەوەی لە بواری ئاستی وەرزشیم پەرە بەتواناکانی خۆم بدەم و یاریزانێکی باشم لێ دەربچێت لە داهاتوودا، لەم ئەکادیمیایە سوودێکی زۆرم لێ بینوە وەکو یاریزان کە رۆژانە مەشقی بەردەوام دەکەم، لێرە بە شێوەیەکی زۆر زانستی مەشق دەکەین، هیواداریشم لە داهاتوودا ببمە ئەستێرەیەکی وەرزشی و یاریزانێکی گەورە و بتوانم خزمەت بە وەرزشی کوردستان بکەم.»

**بەهیوای ئەوەی ئەکادیمیای زیاتر بکرێتەوە**

موهەنەد نزار تەمەنی ١٣ ساڵە و ئەویش یاریزانی ئەکادیمیای دڵکوردە و بۆ گوڵان گوتی: «کردنەوەی ئەم ئەکادیمیایە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئێمەی یاریزانان، بۆیە هیوادارم بەردەوام بێت و سوودی زیاتریشی دەبێت بۆ ئێمە، چونکە لێرە بە شێوەی زانستی فێری یاری تۆپی پێ دەبین، هیواداریشم لە داهاتوودا ئەکادیمیای زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی زۆترین یاریزانان دروست بێت لە شارەکانی کوردستان و لە داهاتووشدا پێویستمان بە یاریزانی دەرەوە نەبێت.»